www.kurdistannet.org
8:17 19-10-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کورتە وەڵامێک بۆ تاهیرسالح شەریف ... ناسر سۆرانی

جاربە جار کە کاتم دەبێت چاوێک بە کوردستان پۆستدا دەخشێنم رۆژنییە ئەو زاتە مەزنە دووبارە خۆی نەخاتەوە نوقتەی وەسەتی نوسراوەکانی کوردستانپۆستەوە. وادیارە ئەوکاک تاهیرە لە ئەوروپا یا لەکەنەدا یا لەئەمریکاو ئوستورالیایەو جێی گەرم و نەرمە و ئاووکارەباشی لی نابڕێو وەختیشی زۆرەولە بەر بێکاری و بە پارەی مزگەوتیش دەژێ بۆیە کاتی زۆرە بۆ نووسین و بە کەیفی خۆی هەمووشتێک بەسەریەکدا دەشێلێ و وەک تازە یا کۆنە لایەنگرو هەواداریکی چەپی نارەحەتییە دەرونییەکانی خۆی لە رێگای هیرشکردنە سەرخەڵکانی تردەخاتە دەرەوە. بۆ ئەوەی زیاتر گیرۆدەی سەرهێشانی نۆستالگی وکێژاوی نارەحەتە دەرونییکانی خۆی نەبێتەوە و لەرێگای ئەوجۆرە نوسینانەوە ئارامیکی رووحی بە خۆی بدات.

. بەپیی بنەمازانستییەکانی دەروونناسی پزیشکی ونوسراوەکانی خودی کاک تاهیر دیارە تووشی ئاڵۆزێکی رەوانی وکەسایەتی بووەو لەدەست چارەسەرکردنیان رادەکات بۆیە خەڵکانی تری کردۆتە ئامانج بۆ پێکانیان بەبێ ئەوەی رۆژیک لە رۆژان ئەم کاک شەریفە لە رێگای کورتە ژیانێکی خۆیەوە Curriculum vitae

خۆیمان پی بناسێنی و بزانین ئەم کوڕی باشەش چی کردووە بۆ ئەم گەلی کوردە بەدبەختە. تۆبڵێی ئینتەرناسیۆنال نەبێت. بزانین ئایا کاک تاهیرلە دەرەوە شتێکی بە شتیک کردووە. ئەگەرنا منیش لە جیاتی هەموو نوسینەکانت وەڵامت دەدەمەوەوپێت دەڵێم/ نا تاهیری نا ساڵحی ناشەریف. تۆ تاهیرنی چونکە زمانت پیسە، سالح نی تاڵحی چونکە بێ بەری، شەریف نی چونکە بە شێوەیەکی نا شەریفانە قەڵەمەکەت بە کار دێنی، تۆبە تاهیرەرەش بە ناوبانگی، تۆ رەش قەڵەمی و بیرت رەشە وبەرەشیش خەڵکی کوردستان ناچێتە پێشەوە. نامەوی چیترلەسەری برۆم وئەوەندە بەم زاتە شەریفە وکەسانی وەک حکە چڵمن دەڵێم کە دەرزییەک بکەن بە خۆیاندا ئینجا شووژنێک بکەن بەخەڵکیتردا.